# دادی کۆمەڵایەتی لە چ روانگەیەکەوە

لەوەتەی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، چەوساندنەوە پەیدا بووە چینەکان وەدیار کەوتن، بیر لە یەکسانی کراوەتەوەو ئەو چەمکەش (دادی کۆمەڵایەتی) بە چەندین شێوەو شێواز دەکار کۆراوەو خوازیاری بۆ پەیدا بووە، بێگومان دادی کۆمەڵایەتی وەك چەمکێکی فیکریو سیاسی بزوێنەری ململانێی کۆمەڵایەتی لە لایەن چەوساوەو بن دەستانەوە خراوەتە روو.. هەر بۆ لە گۆڕانی ئەو ئامانجە چەوسێنەرو سەردەستان مێژووی مرۆڤایەتی‌یان سوور رەنگ کردووە، کەچی لە بەرامبەر چارەسەرکردنی دەستەوەستان ماونەتەوەو تا توانیویانە درێژەیان بەو ململانێیە داوەو قوڵیان کردۆتەوە.کۆمەڵگەی کوردستان ، وەك کۆمەڵگاکانی دیکە لە چەند چینو توێژێك پێکهاتووە، هەرچەندە تا ئێستاش ئەو چینانە بە راشکاوی لە یەکتر هاوێر نەبوونە، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی نەهامەتیو بارگرانی، کۆمەڵانی هەراوی خەڵك لە بارێکی یەکجار دژواردا دەژین، ئەگەر سەرنج لە کۆمەڵگای کوردستان (باشووری کوردستان) بدەین ئەوا، نەك دوو چینی هاوتەریب، بەڵکوو دوو گەلی تەواو ناکۆك دژ بەیەك لە دایك بوونە، گەلێك هەژارو چەوساوە ، ئەوی دیکەیان تێرو چەوسێنەر.. ئیتر لێرەدا هەقانیەتی یەکسانیو دادی کۆمەڵایەتی گرنگتر لە جاران خۆی دەنوێنێو خوازیاری خەباتێکی شێلگیرانەترە.

دادی کۆمەڵایەتی، دروشمو ئارمانجێکی سەرەکی حزبمان (حزبی رزگاری کوردستان) و لیبراوانە خەباتی بۆ دەکەین،بەڵام گەرەکە روونی بکەینەوە، ئێمە لە چ روانگەیەکەوە خەبات بۆ دادی کۆمەڵایەتیو یەکسانی دەکەین؟!

دادی کۆمەڵایەتی بەشێوەو رەوتی سۆزو بەزەیی هاتنەوە بە کێکارو زەحمەتکێشو چەوساوانەوە مسۆگەر نابێت، هەرواش بە تەنها لە رێگای رەخنەگرتن لە بارە ناهەموارەکانی سەرمایەداریو چەوسانەوە وەدەست نایەتو بە ئارەزووی پارانەوەو نیازچاکیش نایەتە ئاراوە، ئەو بۆچوونەش رەت دەکەینەوە کەی دەڵێ: لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بە زۆربوونی ژمارەی کرێکارو چەوساوان، دادی کۆمەڵایەتی خۆی لە خۆیدا دەرسکێو پێدەگات.. لە هەمان کاتدا ئەو بۆچوونەش نەشیاوەکە دەڵێ: گەیشتن بە یەکسانیو دادی کۆمەڵایەتی بەرەنجامی حەتمیەتی مێژووییو پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌یەو پەلەکردنی پێ ناویو رۆژێك دادی دەسازێ، لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێین: هەرگیزاو هەرگیز لە رێگەی (خایشو زەکاتو سەرفترە) ناگەینە کۆمەڵگەیەکی یەکسانو دادی کۆمەڵایەتی دەستەبەر نابێت، چونکە ئەو بۆچوونانە لە بەرژەوەندی سەرمایەدارو چەوسێنەراندانو پشتو پەنای ئەوانەی پێیان وایە زۆربوونی (زەکاتو سەرفترە) دەبێتە خۆشگوزەرانی هەژاران، راشکاوانە پشتیوانی لە سەرمایەداران دەکەنو دەڵێن تا ئەوان موڵكو داهاتیان زۆرتربێت، ئەوا زیاتر دەدەن بە هەژاران، ئەو رێبازە بۆ پیرۆزکردنی سەرمایەداری‌یەو بەس، ئێمە تێکرای ئەو بۆچوونانە رەت دەکەینەوەو پێمان وایە: دادی کۆمەڵایەتی پێویستی بە زەمینەو هەلو مەرجی تایبەتو خەباتێکی لێبراوانەو شۆڕشگێڕانە هەیە.

راشکاوانە دەڵێین: حزبمان حزبی رزگاری کوردستان، پەیرەوکردنی تیۆری سۆسیالیزمی زانستی خەبات بۆ دادی کۆمەڵایەتی دەکاتو پێی وایە لە شێوەی بەرنامەیەکی زانستیو لە ئاکامی ململانێی نێوان چینە چەوسێنەرو چەوساوەکاندا بە لووتکە دەگات.

چەند سەدە بەر لە بوونی مارکس، واتە لەو کاتەی هەناوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چینایەتی لێ پەیدا بوو، بەشێوەی جیاوازی (ناوەرۆكو فۆرم دەربڕین) ەوە، دادی کۆمەڵایەتی لە لایەن چەوساوەو بێ دەستانەوە هێنراوە ئاراوە دوای شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنساش بە بەردەوامی هزری یەکسانی خوازی لە شێوەی جۆراوجۆری سۆسیالیستیدا (یەکسانی) خۆی نواندووە، بەڵام ئەوکاتە تانو پۆی فەلسەفی رێسای بیردۆزی بۆ دارێژرا کە (مارکسو ئەنگلز) تیۆری سۆسیالستی زانستیان وە بەرهەم هێناو رێچکە کۆنەکانیان بە پاشداو رێگەی گەیشتن بە دادی کۆمەڵایەتی ، بەسەرکەوتنی خەباتی چینایەتی وەك داینەمۆی بەرەو پێشەوەچوونی مێژووی مرۆڤایەتی لێك درایەوە.

هەرچەندە هەژاریو نەداریو برسێتیو نایەکسانیو چەوساندنەوە، لە راستیدا دزێوو کرێتو نالەبارترین مێژووی مرۆڤە ، بەڵام رەچەڵەکی ئەو بارە گشتی‌یە لە پەیوەندی‌یەکانی بەرهەم هێناندا شاردراوەتەوەو هۆشیارانە لە رەوتی

**ج=وولاّنەوەیدا دەناسرێتەوە، جا بۆ گەیشتن بە دادی کۆمەلاّیەتی گەرەکە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە بەڕێوە بچێت و تەواوی بنەماکانی (سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی) بگۆڕدرێن.**

**دادی کۆمەلاّیەتی واتای دابەشکردنیی عادیلانەی سامان نییە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵ، بەڵکە ئەو چەمکە لە رووی مێژوویی یەوە لە قۆناغێکی گەشەکردووی دوای بڕینی قۆناغەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن برای مرۆڤیەوەو پاش سڕینەوەو هەڵتەکاندنی موڵکایەتی تایبەت پێ دەگات و بەشێوەی (هەرکەس بەگوێرەی توانای هەرکەس بەگوێرەی پێویست) سامانی کۆمەڵ دەبەشرێتەوە. جا لە بەرایی هەموو شتێك گەرەکە خەباتێکی چینایەتی رێکخراو تاو بدرێت، زۆر پێویستە چینی کرێکارو بەشمەینەتیەکانی کۆمەڵ دژ بە زوڵم و زۆری سەرمایەدارو چەوساوەکان لە تێکۆشانێکی نەپساوە دابن و بەهەشتێك دروست بکەن تا تێکڕای گەل بە بەختیاری تێیدا بژین، هەر لەم روانگەیەشەوە گەرەکە خەباتی چینایەتی لە کوردستاندا ئەلقەیەکی نەپچڕاو بێت لە زنجیرەی خەباتی گەلانی دییکەی هاوئامانج دژ بە ئیمپریالیزم و چەوسێنەران.. جا بەو شێوە خەبات دەکرێ دادی کۆمەلاّیەتی لە ولاّتێکی دیاریکراودا وەدی بهێنرێ ئەگەر خاوەن ئابووری یەکی پێشکەوتووش نەبێت و لە قۆناغێکی بالاّکردووشدا بەسەر نەبات، چونکە دادی کۆمەلاّیەتی بەندە بە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەو پێوەندی بە پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابووری گەشەکردووەوە نییە.**

**لە کۆتاییدا دەڵێین: حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی دادی کۆمەلاّیەتی پەیرەو لە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی دەکات و دەستەبەرکردنی دادی کۆمەلاّیەتی بە زامنی بەختیاری گەل دەناسێ.**